# سپیکەرێک بۆ گشت ئامێرە ئەندرۆیدەکان




نە تەنیا کۆمپانیای فلیپس، بەڵکو زۆر لەوانەی ئامێری ئەندرۆید بەکاردێنن دەزانن کە وێك نەچوونی ئامێرە لاوەکییەکانی وەك شەحنکەرەوە، سپیکەر، هیدفۆن گرفتێکی گەورەیە. کۆمپانیای فلیپس بۆئەوەی کە گشت ئامێرەکانی ئەندرۆیدی لێك نزیك بکاتەوە سپیکەرێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ گشت ئامێرەکانی ئەندرۆید دەگونجێت.

سپیکەری جۆری AS851 سپیکەرێکی 30 واتییە، بڵاوکردنەوەی دەنگ لە ڕێگای بلوتوسەوە ئەنجام دەدرێت، واتە لە ڕێگای بلوتوسەوە پێکەوە پێوەندیان دەبێت.



# هەککردن چییە و هەککەر کێیە؟

زۆربەی ئەوانەی لەجیهانی ئینتەرنێت و دنیای کۆمپیوتەردا شارەزان، گوێبستی دەستەواژەی "هەك" و "هەککەر" دەبن. زۆر کەس کە کۆمپیوتەرەکەیان تێکدەچێت، یان ئیمێلەکەیان بۆ ناکرێتەوە، یان گرفتێکی تریان بۆ دێتەپێش، یەکسەر دەڵێن ئێمە "هەك"کراوین. ڕەنگە بۆتان هاتبێتە پێش کە لە یاهوو مسەنجەردا کەسێکی دیکە ID ئێوە دێنە سەر خەت.

هەك چییە و هەککەر کێیە؟ هەك "Hack" بەمانای قسەی بازاڕی یانی دزینی وشەی نهێنی سیستەمێك. بەگشتی دزە کردنە ناو هەر سیستەمێك پێیدە گوترێت "Hack". بەڵام هەککەر "Hac-er" ئەو کەسەی دزە دەکاتە ناو سیستەم، دز نییە، کارەکەی ڕاستە دوورە لە ئەخلاق جا بە هەرمەبەستێك بێت، بەڵام هەککەر کە سێکی بەتوانایە لە بواری سیستەمدا، ماندوویە، هاککەر لەگەڵ دزی ئینتەرنێتی جیاوازی هەیە. هەککەر دزە دەکات ناو سیستەم نەك لەبەر ئەوەی کە نیازی دزی بێت، بگرە دەیەوێ بڵێت، ئەو سیستەمە یان ئەو پاسۆردەی کە داتناوە بۆ سیستەمەکەت زۆر لاوازە، بۆیە من توانیم بەدەستی بێنم و تێیدا سەرکەوم. کەسی هاککەر وەك "بەکتریا" وایە، واتە زیانبەخشی هەیە و سوود بەخشیشیان هەیە، ئامانجی هەککەرەکە ئەوە دەردەخات. هەککەرەکان تەنیا لە یەك ڕێگاوە دێنە ناو ماڵە مەجازییەکەی تۆ، ئەویش لە ڕێگای پاسوۆردەکەتە، ئەگەر تۆ کلیلێکی قورس لە دەرگای ماڵەکەت بدەی، هەر چوار دەوری ماڵەکەت تەلبەند بکەی، بێگومان کەس ناتوانێت دزە بکاتە ناو ماڵەکەتەوە!

# ماوسە سکانەرەکەی LG و توانایەکی سەرنجڕاکێش





ماوسێکی نوێ و سەرنجڕاکێش لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنی تەکنۆلۆژیای نوێ LG هاتۆتە بەرهەم کە سەرنجی زۆر لەوانەی بەدوای تەکنۆلۆژیای نوێدا دەگەڕێن ڕاکێشاوە. ماوسەکەی LG بەناوی LSM-100 ناسراوە.

توانای ماوسەکە زیاتر لە سکانکردنی وێنە و دۆکیۆمێنت دایە، خودی ماوسەکە بە جۆرێك دروست کراوە کە لەگەڵ هەردوو دەستی چەپ و ڕاست دەگونجێت. سیستەمی سکانی ماوسەکە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرانی دەڕەخسێنێ کە هەر وێنەیەك بکەوێتە ژێر ماوسەکە سکانی بکات و بە خێرایی بۆ ئینتەرنێت بیگوازێتەوە.




# galaxy note تەبلێت یان مۆبایل؟

لەم دواییانەدا کۆمپانیای سامسۆنگ تەبلێتی گەلەکسی نۆتی بەرهەم هێنا، هەر لەسەرەتاوە بەکارهێنەرانی نەیاندەزانی ئەمە تەبلێتە یان مۆبایل؟ چونکە گشت تایبەتمەندییەکی مۆبایلێکی هۆشمەندی تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەکەی نزیك بە تەبلێتە. گەر حەز لە مۆبایلێکی شاشە مەزن دەکەی، هیچ مۆبایلێك شاشەکەی ناگاتە گەلەکسی نۆت کە 5.3ئینجە. بەڵام کێشەکەی لەچاو قەوارەکەی زۆر نییە تەنیا 178 گرام. کاتێك بەدەستییەوە دەگری هەست بەوە ناکەی شتێکی قورست دەست داوەتێ. قەوارەی ئەم تەبلێتە مۆبایلە 146 لە 80 ملم دایە. شاشەکەی تەواو دژی زەربە و دژی تۆز و خۆڵە. خێراییەکەی 1.4 گیگاهێرتزە و ڕامەکەی یەك گیگایە. هاردی مۆبایلەکە 16 و 32 گیگایە. دەکرێ بەهۆی کارتی مایکرۆوە زیادتریش بکرێ. مۆبایلە تەبلێتەکە دوو کامێرای هەیە، کامێرایەکی 8 میگاپیکسلی لە پشتەوە، کە فلاشی LED ی هەیە و هەروەها کامێرایەکی 2 میگاپیکسلیشی لەپێشەوە هەیە.



کۆمپانیای canon بەم دواییە سکانەرێکی تایبەتی بۆ سکانکردنی بەڵگەنامەی شەخسی بەکارهێنەران بەرهەمهێناوە، سکانەرەکە بەجۆری formula P-215 ناسراوە، دیزاینێکی سووك و سەرنجڕاکێشی هەیە. سکانەرەکە بە ئاسانی لە جانتایەکی دەستیدا جێگای دەبێتەوە. بە خێرایی دەق و بەڵگەنامەکان دەکاتە دیجیتالی، سکانەرەکە توانای سکانکردنی 20 دەقی پێکەوە هەیە و خێرایی کارەکەی 15 لاپەڕە لە خولەکێك دایە، سکانەرە نوێیەکەی canon لەگەڵ پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆیدایە تاکو ئەوکاتەی پێوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر دەبێت ئەکتیڤ بێت و ئیمکانی دەستکاری کردنی وێنە سکانکراوەکان بدات.

# سکانەرێک بۆ سکانکردنی دوکیومێنتە شەخسییەکان

# لاپتۆپی تایبەت بە منداڵان



لەم سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین، منداڵانیش وەك گەورەكان مافی خۆیانە كە لەتەكنۆلۆژیای سەردەم سوودمەند بن، هەربۆیە زۆربەی كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی ئامێری تەكنۆلۆژیای نوێ بیریان لەداهێنانی ئامێر بۆ منداڵانیش كردۆتەوە، بەجۆرێك كە لەگەڵ هەستی منداڵانەیاندا بگونجێت. یەكێك لەو كۆمپانیایانەی كە هەوڵی داوە لەم بوارەدا جێ پەنجەی دیار بێت، كۆمپانیای توشیبای ژاپۆنی بەهاوكاری كۆمپانیای "بێست بۆی" لەم دواییانەدا لاپتۆپێكی تایبەت بە منداڵانی بەرهەم هێناوە. Satellite L653 ناوی ئەو لاپتۆپەیە كە بۆ منداڵانی تەمەن 5 ساڵی هەتا 10 ساڵی دەگونجێت، لاپتۆپەكە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە كە لاپتۆپی گەورەكان تێدایە، یانی جگە لەوەی كە قەبارەكەی بەقەد لاپتۆپێكی ئاساییە، تواناكانیشی وەك لاپتۆپێكی ئاساییە و لەگەڵ هەندێك تایبەتمەندی دیكە لەگەڵ جیهانی منداڵان دەگونجێت.

# ناساندنی دوو سایتی گرنگ

دروستكردنی كارتی ویزیت، واتە كارتی ڕیكلام لەم سەردەمەدا بۆتە دیاردەیەكی باو، زۆربەی كەس لە ڕۆژنامەنووس و بازرگان و هونەرمەندەوە بگرە تادەگاتە شۆفێر و چێشتخانە و خاوەن پیشەیەك كارتی ویزیتی تایبەت بەخۆی هەیە، دیزاینی هەركارتێكیش دەبێت لەگەڵ چۆنییەتی پیشەی خاوەن كارتەكە بگونجێت، لۆگۆ و دیزاینی كارتی ویزیتی ڕۆژنامەنووسێك دەبێ لەگەڵ لۆگۆ و دیزاینی كارتی ویزیتی بازرگانێك لێك جودابێت. ئەوانەی كاری گرافیكی دەكەن و لە پرۆگرامەكانی گرافیك و دیزاین شارەزان كارتی ویزیت دروست دەكەن، ئەگەر خۆت ناتوانی كارتێكی ویزیت بۆخۆت دروست بكەی، یان لەو كارتەی كە هەتە ڕازی نی سەر لە سایتی http://makebadge.com بدە و بە ویستی خۆت دیزاینی كارتێك بكە كە لەو سایتەدا سەدان نموونەی دروستكراوی كارتی ویزیت ئامادەكراون.





# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چ بکەم بۆ ئەوەی کە فلاش میمۆرییەکە تووشی ڤایرۆس نەبێت؟ چونکە هەر فلاش میمۆرییەك بەکاری دێنم دوای ماوەیەك بەهۆی ڤایرۆسەوە تێکدەچێت؟

خوێنەری بەڕێز لەوەڵامدا دەبێ بڵێین، چونکە فلاش میمۆری ئاسانترین و بچووکترین ئامێری گواستنەوەو هەڵگرتنی داتا و فایلەکانە هەربۆیە ئەگەری تووش بوونی بە ڤایرۆس لە هەموو ئامێرێك زیاترە، هەوڵ بدە ئەو فلاش میمۆریانە بەکار بێنە کە خۆیان ئەنتی ڤایرۆسیان لەگەڵدایە. بەڵام ئەگەر ئەوەت وەگیر نەکەوت گوێ بەم ڕێنماییانە بدە.

ئەو ڤایرۆسەی لە فلاش میمۆری دەدات بە زۆری فایلێك لەناو فلاشەکەدا دروست دەکات بەو ناوە " autorun.inf"لەگەڵ فایلێکی دیکە. خودی ئەو فایلە کە لەخۆیەوە هیچ نییە هەتا نەیکەیەوە. باشترین ڕێگا بۆ نەهێشتنی دزەکردنی ئەو فایلە ئەوەیە لەسەرەتادا هەرکە فلاش میمۆرییەکەت خستە ناو کۆمپیوتەر دوگمەی Shift دابگرە، مەهێڵە خۆی ئۆتۆماتیکی بکرێتەوە، دواتر خۆت بە دوگمەی لای ڕاست بە فەرمانی Open فلاشەکەت بکەوە، دوای ئەوە ئەو دوو فایلە فڕێ بدە و خۆت لە شوێنی ئەودا فایلێك بەو ناوە " autorun.inf" بکەوە. ئیدی جارێکی دیکە ئەو ڤایرۆسە نایەتە ناو فلاشەکەت، چونکە دوو فایل بەناوێك لە شوێنکدا قبوڵ ناکرێت.

# بچووکترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوەی HD



کامێرایەکی بچووك بەم دواییانە هاتە ناو ڕیزی ئامێرە نوێیەکانی جیهانی دیجیتالییەوە. کامێرا بچووکەکە بەرهەمی کۆمپانیای sanyoیە و بە مۆدێلی Xacti DMX-HD1000 ناسراوە. بەپێی وتەی کۆمپانیاکە ئەوە بچووکترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوەی HDیە لەجیهاندا. کێشی کامێراکە 268 گرامە. "لێنز" عەدەسەی کامێراکە توانای زومی ئیپتیکالی تا 10 بەرامبەری هە یە، بەکارهێنەر دەتوانێت بە کوالیتی full HD فیلم هەڵبگرێتەوە. کامێراکە شاشەیەکی LCDی لەگەڵدایە. فلاش میمۆری دەخوێنێتەوە و جگە لەوەش لە هەردوو جۆری کارت میمۆری SDHC ،SD سوود وەردەگرێت.

# پرۆگرامێک بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم لە یاری

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان ئەوەیە کە فیلم لە شاشەی کۆمپیوتەر هەڵبگرنەوە، ئەو پرۆگرامانە بۆ ئەرکی فێرکردن زۆر باشن، بەڵام زۆربەی ئەو پرۆگرامانە ناتوانن فیلم لە فیلم هەڵبگرنەوە. واتە فیلمێك کە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەیە بکرێت فیلمی لێهەڵبگریەوە، یان بتوانرێت فیلم لە یاری هەڵبگریەوە. پرۆگرامی Mirillis Action پرۆگرامێکی زۆر بەهێز و کاریگەرە لەو بوارەدا.

پرۆگرامەکە ڕاست بەمەبەستی ئامادەکردنی فیلمی فێرکاری لەو فیلمانەی کە لە شاشەکە لێدەدرێن، ئامادە کراوە، هەروەها بە مەبەستی ئەو یارییانەی کە بەکارهێنەر نیازی هەیە ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدات.

کوالیتی تۆمارکردنی پرۆگرامەکە زۆر لەسەرێیە، بە کورتی هەندێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- کوالیتی بەرز لە فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشە.
- ئیمکانی ئامادەکردنی فیلم لە چوارچێوەی یاری بەبێ لەدەستدانی کوالیتی.
- ئامادەکردنی ڕێژەی فرێمی دیاریکراو بۆ فیلم هەڵگرتنەوە.
- گونجان لەگەڵ فۆرماتەکانی جۆراوجۆری خەزن کردن.

